ژوری توێژینەوەی سیاسی
Political Research Room

# گاردی نیشتمانی له‌ تاكتیكه‌وه‌ بۆ ستراتیژ

## هه‌وڵێك بۆ به‌ سوپاكردنی میلیشیا چه‌كداره‌كانی عێراق


ئاماده‌كردنی: ئاریان ره‌ووف

ژوری توێژینه‌وه‌ی سیاسی – بزوتنه‌وه‌ی گۆڕان




## پێڕست


دەستپێك ........................................................................................................................ 2
یەکەم: کورتەیەك لەبارەی پرۆژە یاسای گاردی نیشتمانی ......................................................... 4
دووەم: بە سوپاکردنی ملیشیا چەکدارەکان و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی........................................... 5
سێیەم: ئەمریکا و ئێران و پێکهاتەکانی عێراق لەنێوان رێگری و قبوڵکردنی گاردی نیشتمانی ..................... 9
راسپاردەکان........................................................................................................................ 11
دەرئەنجام ........................................................................................................................ 12
سەرچاوەکان ........................................................................................................................ 13

## دەستپێک

ڕۆژی 10ی حوزەیرانی 2014 موسڵ بەتەواوی کەوتە دەست داعش و یەك ڕۆژ دوای ئەوەش بەهەمان شێوە، تکریت لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکرا، ئەوەی جێگای سەرنج بوو، شکستهێنانی پێنج فیرقەی سوپای عێراق بوو، لەماەی 24 کاتژمێردا، ئەوانیش فیرقەکانی (2-3-4-12-18) کە نزیکەی 70 هەزار سەرباز دەبون.

مەترسی داعش زیادی کرد بەجۆرێك ئەم هێزە نزیك بونەوە لە دەروازەکانی بەغدای پایتەخت. لەم کاتەدا مەرجەعی باڵای شیعە (عەلی سیستانی) هاتە سەرخەت، بەدیاریکراوی سێ ڕۆژ پاش کەوتنی موسڵ. (سیستانی) فەتوای «جیهاد»ی کیفایی) دەرکرد، بەو هۆیەوە چەندین میلیشیای نانیزامی پێکهاتن خۆیان بۆ جەنگی داعش ئامادەکرد، بۆ ئەوەی داعش دەستی بەبەغداو پارێزگاکانی خوارووی عێراق نەگات. بەم جۆرە لە کۆکردنەوەی میلیشیا شیعەکانی عێراق (حەشدی شەعبی) دروستکرا. بەرمزامەندی مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات، میلیشیا یاساغکراوەکانی وەك (سوپای مەهدی و سەرایا سەلام و سوپای بەدر و عەسائبی ئەهلی حەق و حزبوڵلا-باڵی عێراق و سوپای موختار و لیوای ئەبو فەزڵ عەباس ....)* لەناو پرۆژەی حەشدی شەعبیدا جێگای خۆیانکردەوە.

---

* 1. ڕێکخراو و سوپای بەدر (منظمة البدر): گروپێکی ملیشیایی شیعیە لەساڵی 1981 دامەزراوە، تا ساڵی 2010 باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق بو. لەسەر دەستی محمد باقر الحکیم دامەزراوە کە یەکێك لەمەرجەعە دیارەکانی شیعە. لەلایەن هادی عامری (وەزیری گواستنەوەی پێشو) سەرپەرشتی دەکرێت. تا پێش جیابونەوەی لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بە فەیلەقی بەدر (فیلق بدر) ناودەبرا. خاوەنی توانایەکی سەربازی گەورەیە و زیاتر لە 12 هەزار چەکداری هەیە، ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ گاردی شۆڕشی ئێرانی (حرس الثوري الايراني) هەیە.

2. سەرایای سەلام (سرايا السلام): گروپێکی  ملیشیای سەر بە ڕەوتی صەدرە، کە پێشینەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 2003 بە ناوی (جيش المهدى) ناودەبران، بەڵام لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بە بڕیارێکی موقتەدا سەدر هەڵوەشێنرایەوە، لە دوای هێرشەکانی داعش بۆ شارەکانی موسڵ و تکریت، لەسەر بڕیاری موقتەدا سەدر سەرلەنوێ دروستکرایەوە، بەڵام لەژێر ناوی سەرایای سەلام. ئەم گروپە گروپێکی چەکداری بەتوانایە لەڕوی سەربازیەوەو خاوەنی 60 هەزار چەکدارە.

3. عەصائب ئەهل حەق (عصائب اهل الحق): مێژوی دروستبونی ئەم گروپە ملیشیایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2007 دوای جیابونەوەی سەرکردەی دیاری ڕەوتی سەدر (قيس خزعلى) لەرەوتی سەدر، چونکە پێشتر گروپێك بون لە (جيش المهدى) بەناوی (المجاميع الخاصه)، چالاکیەکانیان جۆری بون لەناو (جيش المهدى)، لەدوای 2011 بانگەشەی ئەوەیان کرد کە چەك دادەنێن و بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەکەن، بە یەکێك لەگروپە ملیشیایە توندڕەوەکانی شیعە هەژماردەکرێن، یەکەم ملیشیای شیعەیە کە بە ئاشکرا چەندین جار هەڕەشەی لە کورد کردوە و خاوەنی نزیکەی 5000 هەزار جەنگاوەرن.

4. سەرایای خوراسانی :یەکێکە لە ملیشیا چەکدارە شیعەکان لە دوای چربونەوەی هێرشی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ ناوچەکانی پارێزگای دیالە بە ئاشکرا بەدەرکەوتن لە عێراق. ئەم گروپە سەرەرای ئەوەی گروپێکی تازەن بەلاّم بەهۆی بونی پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئێرانەوە بەخێرای گەشەیان کردو و بەدەرکەوتن و هەندێك لە سەرچاوەکان ناوی خراسانی ئەگەرێننەوە بۆ خومەینی گەورە مەرجەعی شعیەکانی جیهان. لە لایەن علی یاسری سەرۆکایەتی دەکرێت . خاوەنی 3000 هەزار چەکدارە.

5. سوپای موختار: لەساڵی 2010 دامەزراوەو (واسق بەتات) سەرۆکایەتی دەکات، بەشێکە لە(حزب الله)ی لوبنانی بەوتەی سەرکردەی ئەو ڕەوتە ئامانج لەدامەزراندنی ئەم ڕەوتە بەگژاچوونەوەی ئەندامانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە و وەهابییەکانە لەعێراق. ژمارەی چەکدارانی ئەو گروپە (40) هەزار چەکدار دەبێت.

6. لیوای ئەبو فەزڵ عەباس: گروپێکی دیکەی شیعیە لەعێراق لەلایەن (قاسم تائى) لەساڵی 2011 دامەزرا، ئامانج لەدامەزراندنەکەی بەگژاچونەوەی ئەو کەسانە بو کە دژ بەڕژێمی ئەسەد لەسوریا دەجەنگن و شۆڕشیان هەڵگیرساند.

**لەم نێوانەدا هێزە سوننییەکان خۆیان وەك مەغدورترین پێکهاتەی عێراق پێناس کرد، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕۆژی 11حوزەیرانی 2014 شاندێکی ئێرانی گەیشتنە بەغدا، پاش چەند ڕۆژێکیش فتوای پێکهاتنی حەشدی شەعبی دەرکرا. لێرەوە سونەکان پێکهێنانی حەشدی شەعبیان بە پرۆژەی ئێرانیەکان ناوبرد، ئەوەش لەپێناو پاراستنی پێگەی هێزە شیعەکانی عێراق و قەتیسکردنی سوننەکان.**

**دوبارە بیرۆکەی چەکدارکردن و پشتوانی کردنی ملیشیا سونیەکانی وەك (ئەنجوومەنی سەربازی شۆڕشگێڕانی عەشایر، سوپای ئیسلامی، سوپای موجاهیدین، پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی، کەتیبەکانی سەورەی عەشرین، ئەنسار ئیسلام. سەری هەڵدایەوە** ** **چ لەلایەن هێزە سیاسی و هۆزە سونیەکانی عێراقەوە، چ لەلایەن ئەمریکاشەوە. بەڵام ئەم هەنگاوە جیاوازتربوو لەوانەی پێش خۆی، چونکە ئەمجارە هێزە سونیەکان ئەم بیرۆکەیەیان لەدوو توێی پرۆژەیەکدا گەڵاڵەکرد بەناوی پرۆژەی (گاردی نیشتیمانی عێراقی) کەخۆی لەکۆکردنەوەی سەرجەمی هێزە میلیشیاکانی شیعە و سوننەدا دەبینێتەوە، لەچوارچێوەی یەك سوپای نیزامیدا، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش. ئەم پرۆژەیە وەك پێش مەرجی بەشداری هێزە سونییەکان لە سەروبەندی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، پێشکەش بەپاڵێوراوی پێکهێنەری کابینەی نوێی حکومەتکرا.**

**ئەمریکیەکان لە ساڵی 2006دا وەك تاکتیکی لەنێوبردنی قاعیدە پشتگیریان لە میلیشاو خێڵە عەرەبە سونییەکان کرد، لە چوارچێوەیی دروستکردنی هێزێك بەناوی (صحوە)، ئەم هێزە تارادەیەك ڕۆڵی بینی لە لاوازکردنی ڕێکخراوی قاعیدەدا. هەربۆیە پاش بانگەواز بۆ بەشداری خۆبەخشی لە حەشدی شەعبی بە پاڵپشتی ئێران، وەك یەکێك لە ستراتیژە نوێیەکانی ئەمریکا، بە پاڵپشتی ئەمریکا بۆ هێزە سونییەکان پرۆژەی گاردی نیشتمانی هاتە بەرباس، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش بەئامانجی لەناوبردن یاخود لاوازکردنی.**

**یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی متمانە بەخشینی سونیەکان بە کابینەکەی عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، لێرەوە سەرچاوەی گرت. بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی کە هێزە سونیەکان لەگەڵ عەبادی و دەوڵەتی یاسا ئیمزایانکرد لەژێر**

---

**[**] 1. ئەنجومەنی سەربازی خێڵەکانی عێراق (المجلس العسكري لعشائر العراق): بە گەورەترین و فراوانترین پێکهاتەی میلیشیا سونیەکان هەژمار دەکرێت، چونکە زۆرینەی خێڵە عەرەبیە سونیەکان بەشداریان هەیە لەم ملیشیایە، شانەی نوستوی لەزۆرینەی ناوچەکان هەیە، هەرکات پێویستی پێبێت بەکاریان دەخات بە کورترین ماوە، هێزیکی تۆکمەی سەربازی هەیە، چونکە پێکهاتەکانی لەلایەن ئەفسەرانی کۆنی سوپای عێراق سەرپەرشتی دەکرێت.**

**2. کەتیبەکانی شۆڕشی بیست (كتائب ثورة العشرين): یەکەم گروپی ملیشیای سونیە کە لەعێراق ڕاگەیەندرابێت، نزیکە لەدەستەی یەکێتی زانایانی موسوڵمانی عێراقی، کە سەرەتا لەلایەن کەسایەتی ئاینی سونیەکان (حارث الضاري) بەڕێوەدەبرا، ئەم هێزە ملیشیایە یەکێك بو لەو هێزە چەکدارانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبو لەو جەنگە تایفگەریەی توشی عێراق هات. لەساڵانی 2006-2008 بە پاساوی پارێزگاریکردنی هاوڵاتیە سونیەکان لەهێرشی ملیشیا شعیەکان.**

**3. سوپای پیاوانی ڕێبازی نەقشەبەندی (جيش رجال الطريقة النقشبندية): بە یەکێك لەمیلیشیا کاریگەرەکانی سونە هەژمار دەکرێت، لەلایەن عیزەت دوری جێگری سەدام حسین سەرپەرشتی دەکرێت، پێکهاتەکە بریتیە لە بەعسیەکانی عێراق و چەند یەکەیەکی ئیسلامی کە سەر بە ئیخوانەکانی عێراقن.**

چاودێری ئەمریکادا، بە ئامانجی لەنێوبردنی گروپی داعش و هاوشێوەکانی، لەو ناوچە سونیانەی کە داعش فەرمانڕەوایەتیان دەکات، بریتی بوو لە پێکهێنانی گاردی نیشتیمانی.

لە پێناو بە یاسایی کردنی پێکهێنانی (گاردی نیشتیمانی)، لە پڕۆژە یاسای بودجەی 2015ی عێراقدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی بودجەی بۆ تەرخانکرد و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ڕێکەوتی 2015/2/26 رایگەیاند کە (پرۆژە یاسای گاردی نیشتمانی) بەشێوەیەکی فەرمی گەیشتوتە بەردەستیان. ئامانجی ئەم پرۆژەیە، وەك لە هۆکارەکانی دەرچواندنیدا هاتوە بەشداری پێکردنی هاوڵاتیانی پارێزگا جیاوازەکانە، لە بەرەنگار بونەوەی تیرۆر و پاراستنی موڵك و ماڵی هاوڵاتیان ودامودەزگا فەرمیەکانی حکومەت.

لەم راپۆرتەدا هەوڵدراوە خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ پرۆژەیاسای گاردی نیشتیمانی بکرێت، دواتر باس لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم پرۆژەیەش لەسەر عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی تاوتوێ کراوە.

## یەکەم: کورتەیەك لەبارەی پرۆژە یاسای گاردی نیشتمانی

پرۆژە یاسای گاردی نیشتیمانی لە 29 مادە پێکهاتوە، دابەشکراوە بەسەر پێنج بەشدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### بەشی یەکەم: پێناسە و ئامانج

ئەم بەشە لە 3 مادە پێك هاتوە مادەی (1) پێناسەی پێکهاتەکانی گاردی نیشتمانی کردوە کە پێکهاتوون:

1. لە ڕۆڵەکانی عێراق[1] کە مەبەست لێی ئەو کەسانەن کە بە پێی فەرمانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (118)ی ساڵی 2008 گرێبەستیان لە گەڵ حکومەتدا هەیە، لە پێناو پاراستنی نیشتمان لە تیرۆر.
2. حەشدی شەعبی[2] مەبەست لێی ئەو کەسانەن بەخۆبەخشی یان گرێبەست هاوکاری هێزە چەکدارەکان دەکەن، لە پێناو بەرەنگاربونەوەی تیرۆردا.

مادەی (2) ئامانجی یاساکەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (دروستکردنی هێزی سەربازی لە پارێزگاکان، ئەمەش لەرێگەی کۆکردنەوەی گروپە جیاوازەکانی نێو حەشدی شەعبی و ڕۆڵەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق) لەچوارچێوەی هێزێکی رێکخراودا.

### بەشی دووەم: بنیادنان و ئەرك و فەرمانەکانی گاردی نیشتیمانی

ئەم بەشە پێکهاتوە لە (3) مادده، کە تێدا باس لە (پێکهاتەی سەرکردایەتی گاردی نیشتمانی، شێوازی پێکهێنان، ئەرك و فەرمانی گاردی نیشتیمانی، دەکات، لەگەڵ ئەو دامودەزگا تایبەتمەندانەی کە ئیشوکارەکان بەرێوە دەبەن).

---

1 . ڕۆڵەکانی عێراق: مەبەست لێی هێز و ملیشیا چەکدارە سونییەکانە، هاوشانی هێزی خێڵە عەرەبیەکانە.

2 . حەشدی شەعبی: بریتیە لە ئەو ملیشیا شیعیانە کە لە دوای داگیرکردنی موصل لەلایەن داعشەوە لە سەر راسپاردە و داواکاری مەرجەعە دینیەکانی شیعە پێکهاتون.

**بەشی سێیەم: فەرماندەی گاردی نیشتمانی "سەرۆکی ئەرکان"**

ئەم بەشە پێك هاتوە لە (3) مادده، باس لە سەرکردایەتی هێزەکانی گاردی نیشتمانی دەکات، بە پێکهاتەیەکی جیاواز لە سوپای عێراق، کە فەرماندە و سەرۆکی ئەرکانی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام بەهەمان شێوەی سوپای عێراق لە لایەن فەرماندەی هێزە چەکدارەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن. هەروەها باس لە ئەرك و مەهامەکانی فەرماندەی گاردی نیشتمانی سەرۆکی ئەرکان لەم بەشەدا کراوە.

**بەشی چوارەم: پێکهاتەی هێزی گاردی نیشتمانی**

ئەم بەشە پێك هاتوە لە (11) مادە، باسی (پێکهاتەی گاردی نیشتمانی، شێوازی خزمەتکردنی گاردی نیشتیمانی، هێزی یەدەگی گاردی نیشتیمانی، مەرجەکانی ئەو کەسانەی کە دەچنە نێو ریزەکانی گاردی نیشتمانی، موچە و چەکدار کردن[3]، هەروەها شێوازی تایبەت بە پێداویستیەکانی سوپا و شێوازی جل وبەرگ) کراوە.

**بەشی پێنجەم: حوکمە کۆتاییەکان**

ئەم بەشە پێك هاتوە لە (8) مادده و باس لەوە دەکات کە هەمان ئەو یاسا و رێنماییانەی تایبەتمەندن بە هێزە چەکدارەکان لە عێراقدا، بەهەمان شێوە بەسەر گاردی نیشتمانیشدا جێبەجێ دەکرێت، چ لە رووی خزمەتکردن، چ لەرووی خانەنشینکردن و سزادانەوە. هەروەها ئەو بارودۆخانەش دیاری دەکات کە ئامادەسازی بۆ جوڵەپێکردنی هێزی یەدەگی تێدا ئەنجام دەدرێ هاوکات ماف و ئیمتیازاتی شەهیدانی ئەم هێزەشی دیاری کردوە. لەگەڵ وەرگرتنی ئەندامانی ئەم هێزانە لە کۆلێژ و بنکەکانی مەشق پێکردن لە وەزارەتی بەرگری، وەك چۆن باسیش کراوە لە بارەی رێنمایەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەوە.

## دووەم: بە سوپاکردنی ملیشیا چەکدارەکان و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی

ئەم پرۆژە یاسایە ئامانجی سەرەکی جێکردنەوەی کۆی میلیشیا چەکداریە سونی و شیعیەکانی عێراقە لە چوارچێوەی هێزێکی چەکداری رێکخراوەیی نیزامیدا. ئەم هەنگاوە بەواتای رزگارکردنی ملیشیا چەکدارەکان دێت، لە هەر لێپیچینەوەیەکی یاسایی، لەسوپاکەدا دیاریکراوە، کە ئەم هێزە وەك سوپای عێراق خاوەنی فەرماندە و سەرۆکی ئەرکان و دامودەزگای تایبەت بەخۆی دەبێت، لە دەرەوەی سوپای عێراق. بەم جۆرەش لەعێراق جۆرێك لە لامەرکەزی سوپایی دروست دەبێت، چونکە هەر پارێزگایەك سوپایەکی تایبەت بەخۆی دەبێت، ئەم سوپایەش پارێزگاری لەو سنورە دەکات کە پارێزگاکەی لە پارێزگایەکی دیکە جیادەکاتەوە.

---

3 . لە یاساکەدا هاتووە، کە ئاستی چەکدارکردنی ئەم هێزە لە ئاستی توانای هێزەکانی پۆلیس زیاتر بێت، لەروی توانای سەربازی و چەکدارییەوە.

بەمانایەکی تر، ئەم هەنگاوە بریتیە لە یاساییکردنی کاری ملیشیا سەربازیەکان. جێگە کردنەوەیانە لەنێو گاردی نیشتمانی عێراقدا و لە برگەکانی یاساکەدا بە شێوەیەکی ورد ئەم رێوشوێنانە رونکراونەتەوە.

زۆرێك لە بۆچونەکان پێیان وایە رەنگە لە قۆناغی ئێستادا گاردی نیشتیمانی و ملیشیاکان رۆڵیان هەبێت، لە لاوازکردن و رێگری کردن لە پێشرەویەکانی داعش. بەڵام دور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم ملیشیایانە دوای ئەوەی راهێنانیان پێدەکرێت و پرچەك دەکرێن لە چوارچێوەی گاردی نیشتمانی، نەبنە مایەی هەرەشەی زیاتر بۆ سەر کیانە جیاوازەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

### أ. کاریگەریە نێگەتیڤەکانی لەسەر عێراق

1. ئەم یاسایە رێگە بەوە دەدات کە جگە لە سوپای عێراق، هەموو پارێزگایەك سوپایەکی تایبەتی خۆی هەبێت، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە سنوری ئەو پارێزگایەی کە تێیدا دادەمەزرێت. بێگومان ئەمەش پێکدانان و ناجێگیری و هەرەشەی زیاتری ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
2. لەرێگەی ئەم پرۆژە یاسایەوە هەموو هێزە ملیشیاییەکانی سنوری پارێزگا جیاوازەکان دەخزێنرێنە نێو گاردی نیشتمانی، لە کاتێکدا خودی گروپ و هێزە ملیشیایەکان لەسەر بنەمای تایفەگەری دروستبون، ئەمەش وایکردووە کە لە رابردودا رۆلێکی نێگەتیف ببینن.

به مانایەکی تر ئەوەی لەماوەی رابردودا هێزە میلیشیاکان رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی مەترسی و توندوتیژی و ناسەقامگیری سیاسی و پێشێلکاری بۆ سەر دۆخی ئاسایشی مرۆیی لە عێراقدا، لە ئێستاشدا وابریارە خودی ئەو گروپ و دەستە میلیشیا چەکدارانە لەنێو گاردی نیشتیمانی عێراقدا جێگەیان بکرێتەوە.

3. پرۆژە یاساکە جۆرێك لە دڵە راوکێی بۆ سێ هێزە سەرەکیەکەی عێراق (شیعەو سونەو کورد) دروستکردووە. بۆنمونە هەرچەندە بیرۆکەی گاردی نیشتیمانی سونەکان خاوەنین، بەڵام ترسیان لەوە هەیە کە ئەم هەوڵە ببێتە هۆکارێك بۆ بە یاسایی کردن و بەفەرمی کردنی میلیشیا شیعە یاساغ کراوەکان. لە بەرامبەردا شیعەکان نیگەرانن لەوەی کە ئەم پرۆژەیە رێگە خۆشکەربێت بۆ ئەوەی سونەکان لەپاڵ هێزی سیاسیدا، ببنە خاوەن هێزی سەربازی، ئەمەش مەیلی ناوەندێتی هێز و دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا لاواز دەکات. ئەوە جگە لەوەی کە ئەگەر هەیە سونەکان لە پارێزگاکانی خۆیاندا ئەم هێزە یەکبخەن و بەکردەوە بیکەن بە سوپایەکی هاوتەریب بۆ خۆیان. کوردیش لەو نێوانەدا ترسی لە ئایندەی ئەم هێزە هەیە، بەو پێیەی کە ئەگەر هەیە ئەم هێزە سنوری دەسەڵاتەکانی خۆی ببەزێنێت و گرفت بۆ کورد دروست بکات، بەتایبەت لەناوچە کوردستانیە دابرێندراوەکان.
4. بەر لە دەرچونی یاساکە هێزە سونی و شیعییەکان کێشەیان لە نێواندا دروست بووە لەبارەی دەسەڵات و ئاستی گوێرایەڵبونی ئەم هێزە بۆ دەسەڵاتێکی دیاریکراو. بۆ نمونە شیعەکان داوادەکەن ئەم هێزە لەژێر فەرمانی سەرۆك وەزیراندا بێت. بەو پێیەی سەرۆك وەزیران فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە.

سونەکانیش بە پێچەوانەوە، داوا دەکەن ئەم هێزە لەروی گوێرایەڵیەوە بە فەرمانەکانی پارێزگارەکانەوە ببەسترێتەوە، لەروی سەلاّحیاتیشەوە جموجۆڵیان لەچوارچێوەی پارێزگاکاندا نەچێتە دەرەوە.

5. بەپێی یاساکە هێزەکانی گاردی نیشتمانی فەرماندە و سەرۆکی ئەرکانی تایبەت و پێکهاتەی ئیداری هاوتای سوپای عێراقیان هەبێت، ئەمەش بۆخۆی وادەکات دوو هێزی جیاواز لەنێو سوپای عێراقدا دروست ببێت.
6. هەڵبژاردنی ئەندامانی گاردی نیشتیمانی ناچێتە ژێر مەرجەکانی یاسای (ریشەکێشکردنی بەعس)، بەم جۆرەش ئەفسەر و پلەدارە دورخراو و خانەنشینکراوەکانی سەر بەرژێمی پێشوی عێراق دەتوانن لەرێگەی گاردی نیشتیمانی عێراقەوە بگەرێنەوە.
7. گاردی نیشتیمانی بارگرانیەکی ئابوری خراپ لەسەر دۆخی داهات و دارایی عێراق دروست دەکات، چونکە ژمارەی ئەو چەکدارانەی دەخزێنرێنە نێو گاردی نیشمانییەوە بە زیاتر لە 500 هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن، ئەمەش پشت بەست بە لێدوانێکی (حەیدەر ئەلعەبادی) لە 2014/10/18 کە رایگەیاند " ژمارەی ئەو چەکدارانەی لە کەمپەینی –حشد الشعبی– بەشداربون 500 هەزار چەکدارن".
8. یەکێکی تر لە کاریگەرییە نێگەتیفەکانی گاردی نیشتیمانی، بریتییە لەوەی کە ئەم هەنگاوە کۆمەڵگای عێراقی زیاتر بەرەو سەربازی و میلیتاریزەکردن دەبات. دەرئەنجامەکەی لە ئایندەدا ئەوەندە خراپ دەبێت، کە جێگە بە هێزە مەدەنی و دیموکراتخوازەکان لێژ دەکات لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا.
9. دور نییە کە ئەم هێزانە ببنە مایەی هەرەشە بۆ سەر خودی هاونیشتیمانیانی پارێزگا جیاوازەکان، چونکە بە ئاسانی بەکاردەهێنرێن لەلایەن پیاوانی ئاینی و سەرۆك هۆز و خێڵ و بەرپرسە سیاسی و سەربازییە جیاوازەکانەوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی چەند بەرژەوەندیەکی تایبەت و دیاریکراودا.
10. بەهۆی ئەو دابەشبونە هەرێمی و تایفەگەریەی کە عێراقی بەسەردا دابەشکراوە، زۆر بە ئاسان ئەگەر هەیە بۆ بەکارهێنانی هێزە جیاوازەکانی نێو (گاردی نیشتمانی) لەلایەن هێزە ئیلقیمیەکانی وەك (ئێران و تورکیا)، ئەمەش لە پێناو جێبەجێکردنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان. بەم شێوەیەش دور نییە کە گوێرایەڵیان بۆ هێزە هەرێمیەکان زیاتر بێت لە گوێرایەڵیان بۆ حکومەتی فیدراڵی.
11. ئەم پرۆژە یاسایە ناناوەندی (لامرکزی) سوپایی لە عێراق دێنێتە کایەوە، چونکە بەپێی رەشنوسی یاسای گاردی نیشتمانی هەر پارێزگایەك خاوەنی هێزی سەربازی دەبێت، کە پێکهاتوە لە (گاردی نیشتمانی و پۆلیس). دەرئەنجامی ئەم هەنگاوەش خۆی لە دابەشکردنی زیاتری هێزی سەربازی و چەکداری عێراقدا دەبینێتەوە.
12. گاردی نیشتیمانی رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کە هەر پێکهاتەیەك هەرەشە بێت لەسەر پێکهاتەیەکی تری عێراق، ئەمەش زیاتر دۆخی ئەمنی عێراق بەرەو ناجێگیری دەبات.
13. دور نییە گاردی نیشتیمانی تەنانەت ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکان و خێڵەکانی هەمان تایفە دروست نەکات، بەتایبەت لەسەر پشکیان لە نێو گاردی نیشتمانیدا.
14. لەرێگەی ئەم یاسایەوە خێڵ و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، دەبنە خاوەنی چەك و جبەخانە، چونکە بەشێك لە ملیشیاکان لەلایەن خێڵەکانەوە پێکهێنراون، لەلایەن ئەو پێکهاتانەشەوە بەرێوەدەبرێن و سەرپەرشتی دەکرێن.

15. بەهۆی نەبونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق، بەردەوام ئەم ملیشیا بە یاسایی کراوانە دەبنە مایەی هەرەشە بۆ عێراق و هەرێم.

16. گروپە توندرەوەکانی نمونەی داعش یان هەر گروپێکی تری توندرەو کە لە ئایندە دروست ببێت دەتوانن زۆر بە ئاسانی سود لە پێکهێنانی ئەم هێزانە وەربگرن، بەتایبەت بۆ خۆخزاندنە نێو پێکهاتەو شانەکانی ئەم هێزانەوە. لە پێناو ئاراستەکردنیان بەمەبەستی سود گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی داعش یان هەر گروپێکی توندرەوەی دیکە، کە لە ئایندەدا دروست ببێت.

### ب. كاریگەریە نێگەتیڤەكانی لەسەر هەرێمی كوردستان

بە پێی یاساکە لە ناوچە کوردستانیە دابراوەکان ئەم هێزە سەربازیە، واتە (گاردی نیشتمانی)دروست دەکرێت، ئەمەش بۆخۆی چەندین مەترسی و هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست دەکات لە دیارترینیان:

1. بە پێی یاساکە هێزی گاردی نیشتمانی لە ناوچە کوردستانیە دابراوەکان دروست دەکرێت، بەم جۆرەش پێکهاتەو نەتەوەکانی دیکەی ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی گاردی نیشتمانیدا کۆدەکرێنەوە، گومانی تیا نییە ئەم هەنگاوەش ناجێگیری سیاسی و ئەمنی لەو ناوچەکەدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت. واتە بەجۆرێك لە جۆرەکان و لەرێگەی ئەم میکانیزمەوە ناوچەکان لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان دەردەهێنرێن.
بەمانایەکی تر ئەم یاسایە ئەو گروپانە دەستنیشان دەکات کە دەخرێنە نێو چوارچێوەی پێکهاتەی ئەم هێزە سەربازییەوە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە لە ساڵی(2003)ەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان. ئەم هەنگاوەش دەبێتە مایەی هەرەشە بۆ سەر تەواوی هێزە کەمینەکانی ئەو ناوچانە. چونکە ئەم یاسایە ماف دەدات بەو گروپانە هێزی تایبەتیان هەبێت. سەرئەنجام ئەمەش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئارامی بارودۆخی ئەمنی و کۆمەڵایەتی لەو ناوەندانەدا.

2. ئامانج لە پێکهێنانی گاردی نیشتمانی لە نێوبردنی رێکخراوی داعشە، بەتایبەت لەو ناوچە سونیانەی کە ئەم رێکخراوە دەستی بەسەردا گرتووە. بەڵام خودی یاساکە دەریدەخات کە ئامانج لە پێکهێنانی گاردی نیشتیمانی تەنها بۆ لە ناوبردنی داعش نیە، بەڵکو یاساکە ئەم هێزەی وەك هێزێکی چەکداری بەردەوام لە چوارچێوەی هێزە چەکدارەکانی عێراق ناوبردووە. واتە سیفەتێکی بەردەوامی پێبەخشیوە بە مان و نەمانی داعش. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بەم رێگایە سەرجەم ملیشیا چەکدارە سونی و شیعەکانیش دەخزێنرێنە نێو ئەم پێکهاتە سەربازیە نوێیەوە، دورنییە وەك رابردوو رویداوە ئەم سوپایەش ببێتە هەرەشە بۆ سەر ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان.

3. پێکهێنانی گاردی نیشتمانی لە ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان، دەبێتە مایەی رێگری کردن لە جێبەجێکردنی مادەی 140، بەتایبەت لەو ماوەیەی کە حکومەتی عێراقی بەسەرۆکایەتی حەیدەرعەبادی بریاری لەسەر جێبەجێکردنی داوە، لەو رێکەوتننامە سیاسیەی کە کابینەی حکومەتەکەی لەسەر پێکهێنرا.

4. ئەم یاسایە رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی هۆزە کوردەکان و بەرپرسانی سەربازی، هێزی تایبەت لەنێو گاردی نیشتمانی عێراق بۆخۆیان دروست بکەن. ئەمەش مەترسی دروست دەکات بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و هەرێم، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە دوای روداوەکانی موصڵ، خەڵك و هۆزەکانی ئەو ناوچانە

نیگەرانیان لا دروستبووە، بەتایبەت لە بەرامبەر هەندێك لەو بەرپرسانەی ئیدارەی دۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە دەکەن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی پشێوی بۆ سەر سنور و ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

5. ئەو میلیشیا سەربازیانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا هاوکاری ڕێکخراوی داعش بوون، بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، ئەمجارە لەچوارچێوەی (گاردی نیشتمانی) پرچەك دەکرێن و ڕاهێنانیان پێدەکرێت. لەبەرئەوەی زۆرینەی چەکدارانی ئەم ملیشیانە تا ساڵی 2003 دەستیان بەسەر خاکی کوردستاندا گرتبوو، لە ئێستاشدا خەون بە گێرانەوەی ئەو ناوچانەوە دەبینن، پێویستە ئەمەش وەك مەترسیەك لە ئایندەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.
6. ئەو ناوچانەی کە سەر بە سنوری هەرێمی کوردستانن و لە ئێستادا لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدان گەڕاندنەوەیان بۆ سەر خاکی هەرێم ئاسان نابێت، چونکە لە ئێستادا دانیشتوانە عەرەبەکانی لەرێگەی گاردی نیشتمانی ڕێکدەخرێنەوە. دواتر لە دۆخی پاشەکشەو چۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن داعشەوە، بە فشاری گاردی نیشتیمانی و حەشدی شەعبی، چیتر ئەستمە ئەم ناوچانە بە ئاسانی بخرێنەوە ژێر ڕکێفی حکومەتی هەرێم، وەك ئەوەی چۆن لە ماوەی ڕابردوودا لە جەلەولا و سەعیدە ڕویدا.

سەرەڕای ئەو پشتگیریانەی کە هێزە سیاسیەکان لەسەرەتادا بۆ پێکهێنانی گاردی نیشتمانی هەیان بوو بەسەرجەم پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی عێراق، بەڵام چەندین ڕێگری هەن لەسەرخستنی پرۆسەی پێکهێنانی گاردی نیشتمانی و بەخشینی شەرعیەتی یاسایی بەم هێزە سەربازییە، کە دەکرێت بەم شێوەیە دیارترین ئەو ڕێگریانە بخەینە ڕوو.

## سێیەم: ئەمریکا و ئێران و پێکهاتەکانی عێراق لەنێوان ڕێگری و قبوڵکردنی گاردی نیشتمانی

بەهێزبونی شیعەکان و دەستێوەردانە بەردەوامەکانی ئێران لە هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق لە بەرژەوەندی خۆی، بەردەوام نیگەرانی لای ئەمریکیەکان دروستکردووە. ئەمەش بەرونی دەرکەوت پاش دروستکردنی حەشدی شەعبی. بەتایبەت کە ئەمریکا بڕیاریدا دوبارە سود لە ئەزمونی ڕابردوو وەربگرن، وەك ئەوەی لە ساڵی 2006 دا تاقیانکردەوە. کە باشترین میکانیزمیش لە ئێستادا بۆ ئەمریکا دوبارە دابەشکردنەوەی هێزی سەربازییە بەسەر پێکهاتە جیاوازەکاندا و بەدیاریکراویش بەسەر لایەنە سوننەکاندا. بەم جۆرە دەگوترێت گاردی نیشتیمانی پێشنیارێکی ئەمریکییە و زیاتر لە بەرژەوەندی هێزە سونیەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

بۆ ئەمریکیەکان چەند ئامانجێك هەیە لە پێکهێنانی گاردی نیشتیمانی، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت لەرێگەی ئەم پرۆژەیەوە سوننەکان بهێنێتەوە سەرگۆڕەپانی سیاسی و سەربازی عێراق و جێگە بە پاوانخوازی شیعەکان لێژ بکات. دووەمین ئامانجی ئەمریکا لە پێکهێنانی گاردی نیشتیمانی خۆی لە دۆزینەوەی کۆسپێکی یاسایی و دیمۆگرافی و جیۆسیاسی دەبینێتەوە بۆ ڕێگری لەبەردەم پەلهاویشتنی ئێران لە عێراقدا. ئامانجی کۆتایش بریتییە لەدروستکردنی هێزێکی یەکگرتووی فرە پێکهاتە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی داعش.

لەبەر ئەم هۆکارانە ئێران دودڵە لەهەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ قایل بون لەسەر پرۆژەی گاردی نیشتیمانی، بەتایبەت پاش ئەوەی کە ئێران توانیویەتی بە عەمەلی لەرێگەی حەشدی شەعبییەوە لە چەند پارێزگایەکی عێراق دژ بە داعش جەنگی مەیدان بەرێوە بەرێت.

لە ئێستادا بە کردەوە ئێران عێراقی کردوەتە مەیدانی هەژمونی خۆی و وەك دەوڵەتێکی شیعی پێناسەی دەکات، لەبەر ئەوە ئامادە نییە هیچ ئاسانکارییەك بکات کەلەبەرژەوەندی تەرازوی هێزی سونە و کورددا بشکێتەوە. بەم جۆرە ئێران دژایەتی ئەم پرۆژەیە دەکات. چونکە لە ئێستادا عێراق لە ژێر کاریگەری و هەژمونی ئێراندایە، لەبەر ئەوە ئەستەمە ئێران بەتەواوی پشتگیری لەم پرۆژەیە بکات، چونکە ئێران لە دوو رەهەندەوە سەیری ئەم پرۆژەیە دەکات، رەهەندێکی ناوخۆی کە بەهۆیەوە وردە وردە شیعەکان لە بازنەی دەسەڵات دوردەخاتەوە. رەهەندێکی دیکەش خۆی لەترسی ئێران دەبینێتەوە بەتایبەت لەروی جیۆپۆڵەتیکی و بەهێزکردنی هیلالی سونی لەناوچەکەدا.

لەسەر ئاستی شیعەکانی عێراق ئەوەی بەرونی دەبینرێت ئەوەیە کە ئەم هێزانە سەرەتا پێشوازیان لەم پرۆژەیە دەکرد، ئەوەش پەیوەستبوو بە زیادبونی هەرەشەکانی داعش لە سەر بەغداد. بەڵام لە دوای دروستبونی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، لەئێستادا بەشێکی زۆر لەهێزە شیعیەکان ئەو پێشوازییە گەرمە لەگاردی نیشتیمانی ناکەن، لەبەرامبەردا گشت توانای خۆیان بۆ حەشدی شەعبی کورتکردوەتەوە و بە ئاشکرا دژایەتی پێکهێنانی گاردی نیشتمانی دەکەن. هەندێکی دیکەش لەو هێزە شیعیانەی کە خاوەن ملیشیای چەکدارن، لە پێناو جێکردنەوەی ملیشیاکانی خۆیان و چەکدارکردنیان لە چوارچێوەی گاردی نیشتمانی و بەهێز تر بونیان لە پرۆسەی سیاسی عێراق جۆرێك لەپشتگیری لە دروستکردنی هێزێکی چەکداری بەناوی گاردی نیشتمانی دەکەن.

ئەوەی پەیوەندیداریشە بە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانەوە لەئێستادا تێبینی دەکرێت، کە ئەگەر لە باشترین دۆخیشدا یاساکە تێبپەرێنرێت، ئەوا مەرج نییە عەبادی سەرجەمی ئەو داواکاریانە جێبەجێ بکات کە هێزە سونیەکان بەمەبەستی پێکهێنانی گاردی نیشتمانی بەرزیانکردوەتەوە.

ئەوەی پەیوەندیداریشە بە هێزە سونیەکانەوە ئەوەیە کە ئەم هێزانەش لەدوای روداوەکانی موسڵەوە لە نێوان خۆیاندا دابەشبوو ناکۆکن. هەروەها ئەوانەی لە رابردوودا ئیدارەی مەلەفی سونیان دەکرد، لە ئێستادا ناتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵی ئەو دابەشبونەی هێزە سونیەکان بکەن، بەهۆی دابران و دورکەوتنەوەی ئەو هێزانە لە شەقامی سونی.

بۆ هەرێمی کوردستانیش ئەم پرۆژەیە لە ئایندەدا هەرەشەیەکی گەورە دروست دەکات. لەبەر ئەوە ئەستەمە هێزە سیاسیەکانی هەرێم ئەم پرۆژەیە بەو دۆخەی ئێستاوە قبوڵبکەن، وەك ئەوەی لە رەشنوسەکەدا هاتوە (هەرچەند تاکو ئەم ساتەش بە فەرمی لە لایەن هیچ هێزێکی کوردستانیەوە رەت نەکراوەتەوە).

## راسپاردەکان

1. فراکسیۆنی هێزە کوردستانیەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رێگری لەوە بکەن یاسای گاردی نیشتمانی دەربچێت، چونکە ئەم یاسایە شەرعیەت دەداتە ملیشیا سونی و شیعیەکانی عێراق، کە لە ئەنجامدا چاوەروانی هەرەشەیان بۆسەر هەرێمی کوردستان لێدەکرێت.
2. بۆهەمان مەبەست لە رێگەی کاری دیبلۆماسیەوە هەوڵبدرێت لەگەڵ ئەمریکاو هێزە شیعیەکان مەترسیەکانی پێکهێنانی گاردی نیشتمانی بخرێتەروو، ئەوە رونبکرێتەوە کە دروستکردنی لەشکری سەربازی لەم شێوەیە لە قازانجی دۆخی ئەمنی عێراقدا نیە، رەنگە لە ئێستا رۆڵی هەبێت لە لاوازکردنی داعش لە ناوچە سونیەکاندا، بەڵام دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئایندەی باش نابێت، بەتایبەت بۆ دۆخی ئەمنی عێراق. هەربۆیە پێویست ناکات یاسای بۆ پێکهێنانی هێزێکی لەم چەشنە دەربکرێت.
3. هەروەها پێویستە گاردی نیشتمانی وەك تاکتیکێك تەماشا بکرێت بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی و چارەسەرکردنی قەیرانەکانی پشت داعش لە عێراقدا، نەك بە بنەمایەکی ستراتیژی تەماشا بکرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی توندوتیژی لە عێراقدا.
4. پێویستە فراکسیۆنە کوردەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێداگیری لەسەر ئەوە بکەن، کە عێراق پێویستی بە لامەرکەزی ئیداری و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان پێکهاتەکان هەیە. نەك لامەرکەزی سەربازی. چونکە ئەوەی لە رابردودا هێزە سونیەکان داوایان دەکرد لامەرکەزی لە ئیدارەدانی وڵات و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوو، نەك لامەرکەزی سەربازی.
5. ئەگەر لە هەنگاونان بۆ  سێ راسپاردەی سەرەوە سەرکەوتونەبن:

- دەبێت پێداگیری لە دەرنەچونی یاساکە بکەن و یاخود لایەنی رێژەیەك بۆ ناوچە کوردستانیە دابراوەکان لە یاساکەدا دابنرێت، وەك ئەوەی کە ئەو ناوچانە بەدەر بن لە پێکهێنانی ئەو هێزە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە لە دوای رووداوەکانی موصڵ کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم.
- پارێزگا کوردستانیەکانی هەرێم (جگە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك)  بەرکەوتەی کورد بۆ گاردی نیشتمانی لەرێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە ئاراستەی حکومەتی فیدراڵی بکرێ و سەرپەرشتی بکرێت. نەك بەسەربەخۆی لە ئەو ناوچانە پێکبهێنرێن، بە بێ گەرانەوە بۆ حکومەتی هەرێم، چونکە ئەمە رێگە خۆش دەکات  کە سەرکردە سەربازیەکان و سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان لەو ناوچانە هێز بۆ خۆیان دروستبکەن، لە چوارچێوەی گاردی نیشتمانیدا. ئەمەش لە ئاییندەدا رەنگە دژ بە بەرژەوەندیەکانی هەرێم لەو ناوچانەدا بەکاربهێنرێت.
- لە یاساکەدا ئەو بچەسپێنرێت کە هاوتای چەکدارکردنی گاردی نیشتمانی لە پارێزگاکانی تری عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرکەوتەی هەبێت، بەتایبەت لەروی موستەحەقاتی ماددی و سەربازییەوە.
- بەپێی یاساکە گاردی نیشتمانی سوپایەکە، هاوتای سوپای عێراق.  ئەمەش پێچەوانەی دەستوری عێراقە، چونکە ناکرێت دوو سوپا لە یەك وڵاتدا هەبن، لەبەر ئەوە پێویستە پێداگری لەم پێشێلکاریە بکرێت و رێگری لێبکرێت.

- پێداگری لەوە بكرێت كە پاراستنی پارێزگاكان لە ئەستۆی هێزەكانی وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە ناكرێت هێزێكی تر لە پارێزگاكاندا هەبێت، كە دەسەلاَتیان لە دەسەلاَتی پۆلیس بالاَتر بێت، ئەمەش وادەكات پۆلیس لە جێبەجێكردنی ئەرك و فەرمانە یاساییەكانیدا سەركەوتو نەبێت.
- لە یاساكەدا دەسەلاَتێكی زۆر فراوان دراوە بە هێزەكانی گاردی نیشتمانی، بەمەش دەبنە مایەی هەرەشە بۆ هێزە مەدەنی و دیومكراتیخوازەكان لە پارێزگاكان، لەبەر ئەوە پێویستە جەختبكرێتەوە لەسەر كەمكردنەوەی دەسەلاَتەكانی، تاوەكو نەبێتە مایەی هەرەشە بۆ سەر ئەو هێزانە.

## دەرئە نجام

دروستكردنی هێزێكی سەربازی بەناوی گاردی نیشتمانی، هەوڵی ملیشیا چەكدارەكانی عێراقە بۆ خۆ رێكخستنیان لە چوارچێوەیی سوپایەكی تایبەت بۆ پارێزگاكان. لەئاكامیشدا ئەم سوپایە نەك ئارامی و سەقامیری سیاسی بۆ عێراق ناگێرێتەوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە بارودۆخی  عێراق بەرەو ئاڵۆزبون و لێكترازانی سیاسی و سەربازی و كۆمەلاَیەتی دەبات. لەم ورانگەیەشەوە ئەم هێزە دەبێتە مەترسیەكی گەورە بۆ هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانیە دابراوەكان. هەرچەندە گاردی نیشتمانی بۆ سەرجەم پێكهاتەكانی عێراق سودمەند دەبێت، بەلاَم لەو نێوانەدا كورد زەرەرمەندی یەكەم دەبێت.

رەنگە دروستكردنی گاردی نیشتمانی رۆڵیی هەبێت لە لاوازكردنی داعش و توندوتیژیەكان لە عێراق  بەلاَم بۆ ماوەیەكی كاتی دەبێت و درێژە ناكێشێت، واتە دەبێت وەك تەكتیك لێی بروانرێت نەك ستراتیژ، چونكە لەرابردودا ملیشیا سونیەكان(صحوە) توانیان قاعیدە لاواز بكەن، بەلاَم سەرئەنجام داعش دروستبوو، واتە دەتوانین بڵێن وەك تاكتیك دروستكردنی ئەم هێزە سەربازییە رۆڵێ دەبێت، بەلاَم لە رووی ستراتیژییەوە ئەوەی چارەسەری ئەم مەسەلەیە دەكات دروستكردنی هەرێمی سونە و دابەشكردنی دەسەلاَتە لە عێراقدا، نەك قۆرغكردنی لەلایەن تائیفەیەكی دیاریی كراو. چونكە ئەوەی رێگە خۆشكەر بوو لە هاتنی داعش بۆ عێراق ئەو تاكرەویە بوو كە لایەنی شیعی لە بەرێوەبردنی عێراق لە نێوان ساڵانی 2010- 2014 مومارەسەی كرد، سەر ئەنجامیش ژینگەیەكی وەهای هێنایە ئاراوە كە داعش زۆر بە ئاسانی توانی سودی لێببینێت و گەشەو پەرەسەندن بەئۆرگانیزەكردنی رێكخراوەكەی ببەخشێت.

## سەرچاوەکان


- پرۆژە یاسای گاردی نیشتیمانی.
- پاسەوانی نیشتیمانی، ڕاپۆرتی گۆڤاری شار پرێس، ژمارە 44، لە 2015/3/1.
- هێزێك گەورەتر لە سوپا، سایتی شارپرێس:

http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=27422

- سۆران کامەران، میلیشیا شیعەکان... تارماییەك بەسەر ناوچە دابڕاوەکان، سایتی سبەی:

http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=41356&LinkID=14

- ئاریان ڕەوف، گاردی نیشتیمانی.. چارەسەر یان ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخی ئەمنی عێراق، سایتی سبەی:

http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=39137&LinkID=14

- مستەفا حەبیب، میلیشیا شیعەکان لە سوپا بەهێزترن، سایتی کوردستانی نوێ:

http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=5&Besh=Witar&Jimare=32506

- أبرز المليشيات المسلحة في العراق، على الموقع الالكتروني:

http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/9/8

- أبرز 5 ميليشيات شيعية مسلحة في العراق، على الموقع الالكتروني:

http://www.kurdiu.org/details.php?section=hawal&lang=2&id=14649

- جماعات مسلحة عراقية، على الموقع الالكتروني:

http://ar.wikipedia.org/wikiجماعات مسلحة عراقية

- ميليشيات الحشد الشعبي وسرايا الخراساني أقوى من الجيش، على الموقع الالكتروني:

http://www.alquds.co.uk/?p=301785

- Iran's new group in Iraq: Saraya al-Khorasani

http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2015/01/iran-iraq-saraya-al-khorasani.html#